# حەسەن عەلی فیلمی بۆنی سێو بەرهەم دێنێ



لە لێدوانی تایبەت بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل** هونەرمەند حەسەن عەلی گوتی: ئێستا لەگەل کۆمپانیایکی ئەڵمانی دا خەریکین فیلمی بۆنی سێو بەرهەم دێنین کە من وەکو راوێژکار ویاریدەدەری دەرهێنان کاری تێدادەکەم، لە سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەندی کورد رێڤین حەسەنە، ماوەکەی ٩٠ خولەکە، باس لە جینۆسساید دەکات. لەم فیلمە دا ئەکتەرانی ئەڵمانیا، باکوری کوردستان ورۆژهەڵات، سلێمانی،هەولێر بەشداری تێدا دەکەن، هێشتا ئەکتەرانی سلێمانی وهەولێر ساغ نەبوونەتەوە و دەست نیشان نەکراون.

## ئازاد خەمە و،بێسەرپەرستان دەکاتە دراما

هونەرمەند ئازاد خەمە لە لێدونێکی دا بۆ پەیامنێری **رۆژی گەل** گوتی: ئێستا سەرقاڵی رۆمانی بێ سەرپەرستانین کە قودسی نەسیری نووسیویەتی، مامۆستا محەمەد شانباشی ئامادەی کردووە و خۆیشم کاری سیناریۆم بۆکردووە. کاری وێنەگرتنەکانی ئەمیر تەها کردویەتی کە لە ١٤ ئەلقەی ئەم رۆمانە خۆی دەبینێتەوە. ئەم رۆمانە باس لە کێشەی گەنج و منداڵانی رۆژهەڵات دەکات. لەم رۆمانەدا کۆمەلێک ئەکتەری رۆژهەلاتی و سلێمانی و هەولێرتیایدا بەشدار دەبن، یەکێک لەو کەسانەی کە رۆڵی سەرەکی دەبینێ خاتوو (سەبیحە ئیسماعیل)ە کە دەوری پلە هەمینی وەرگرتوە، بەوهۆیەشەوە جێگەی خۆشحاڵی هەموو هونەرمەندانی بەشدار بووە.

## گۆران ساڵح: زۆر گلەییم لە وەزارەتی رۆشنبیری هەیە!



لەسەردانێکی پەیامنێری رۆژی گەل (گۆران ساڵح) بەرۆژی گەل راگەیاند: ئێستا خەریکی بەرهەمێکم کەناوی (تاریکستان)ە لەئاوازی بەهجەت نەجات و هۆنراوەی سەرکەوت رەسوڵە، وە بەرهەمی دووهەمیانم بەناوی (حەسرەتەکانی غەریبی)ە ئاوازی دانا ئەنوەرەو هۆنراوەی رێکار سابیرە، لێرەشەوە بەڵێن دەدەم دوای تەواو بوونی هەردوو بەرهەمم بەکلیپ بڵاویان بکەمەوەو لێرەشەوە زۆر سوپاسی (کاک عیهرفان زەنگەنە) دەکەم کە پاڵپشتم بووە لەبەرهەمەکانی رابووردووم سوپاس بۆهاورێکانم لە کوردستان تیڤی کە یارمەتیانداوم وەبەرێوەبەری کوردستان تیڤی، ئێستاش کە دەیبینن خەریکی چەند بەرهەمێکی منداڵانم کە لەئاوازی (ئەیاد محەمەد) ە کە لەگەڵ دەنگی مندا دەگونجێت. لە بەرواری ١-٦-٢٠٠٧ بەرنامەیەکم کرد بۆ منداڵان بەمیوانداری (مام عەبدوڵا) کە خەمخۆری منداڵانە، ئەمساڵیش ئاهەنگێک سازکرابوو بەس بەرپرس و پیاوە گەورەکانی لێ بوو نەک منداڵ، وەئێستاش خەریکی بەرنامەیەکم بۆ منداڵان کە تائێستا لەکوردستان نەکراوە ناوی ئاشکرا ناکەم، زۆر گلەیشم هەیە لەوەزارەتی رۆشنبیری رێکخراوی منداڵپارێزو دەزگا پەیوەندیدارەکان و حکومەت بەتایبەتی بۆ ئاورێکیان لەمنداڵانی سەر شەقام و هەژاران نەداوەتەوە، لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی رۆژنامەی **رۆژی گەل** دەکەم هیوادارم هەردەم لە پێشکەوتندابێت.

# بڵاوکراوەی نوێ



رووم پەری و خونچە
بووم بەناهەق
هەڵوەریم
بەهاری تەمەنم
پایزبوو
،لەخۆشەویستی بێ
بەریم

ناوی کتێب: قەدەر
نووسەر: ئەنوەر حسێن (ا.بازگر)
بابەت: شیعر



چەند جوانە ئەو
عەشقە
لەبۆنی خاک
دەچێ
سڵاکا لەپیریم
بەرۆحما رۆدەچێ

ناوی کتێب: سابیر سدیق
نووسەر: سابیر سدیق
بەبەت: شیعر

## زانا و ئەلبومێکی میوزیک



ئێستا خەریکی ئامادەکردنی ئەلبومێکی تایەبەتم بە ئامێری قانون کە لە ١٠تا١١تراک پێک دێت ،زۆری ئاوازەکان هی خۆمەوە برِیاریشم داوە کەبەرهەمێکی باوکم کە لەگەڵ تیپی باواجی کۆیە لەسالی (٨٠ ) کاندا تۆمار کراوە،تازە بکەمەوە ،هەندێک لە بەرهەمەکانم بەدەنگ تۆمارکراوە ،دەنگ وکۆرسەکەی لادەبەم ،مۆسیقاکە بە شێوازێکی نۆێ دووبارە دەکەمەوە،کە تائێستا لە عێراق بە تایبەتی لە کوردستان ئەلبومێک بۆ ئامێری قانون نەکراوە .جارێ ناوی ئەلبومەکە دیاری ناکەم تاکۆتایی پێ دێت.

## محەمەدسەعید شیعرەکانی بە هونەرمەندان دەدات

لە چاو پێکەوتنی پەیامنێری رۆژی گەل محەمەد سەعید ئیبراهیم راگەیاند:ئێستا وەک میوانی بەرهەم لەدرامای لە گولێک کاڵتر، لەدەرهێنانی مەریوان غەریبە، لە بەشی شیعریش،شیعرم داوە بە ئاوات حەسەن ودلێر بەرزنجی وکاروان کامیل و دڵنیا قەرەداغی وباخان و تارا رەسول، ئاڵان هونەر، هەندێکی تریشم لە بەردەستایە بۆ هونەرمەندان ،بەڵام ئاشکرای ناکەم.

## نەوزاد رەمەزان و شەوێک لە قەرەچۆخ

لەدیدارێکدا نەوزاد رەمەزان بە پەیامنێری رۆژی گەلی راگەیاند: کە ئێستا خەریکی درامای (شەوێک لە قەرەچۆخ)م کە لە دەرهێنان و سیناریوو نوسینی خۆمە ،وێنەگرەکەی گۆڤار ئەنوەرەو زۆربەی ئەکتەرەکان لە شاری هەلێر هەڵبژێردراون ،تار عبدورەحمان دەوری سەرەکی دەبینێ،ئەم درامایە لە (٥) ئەلقە پێک دێت .زۆربەی وێنەکان لە قەرەچۆخ گیراوە ،ئەم درامایە باس لە کێشەکانی راپەرین و زوڵم و ستەمەکانی ئەوکاتی بەعس دەر حەق بەکورد دەکات کە بەم نزیکانە تەواو دەبێت.وتیشی ئەم درامایە لە بەرهەمەکانی سەتەلایتی نەورۆز دەبێت.

## موئەید فەقێ شانۆی ئیمپراتۆر پێشکەش دەکات

مۆئەیدفەقێ لەلێدوانێکی دا بۆ رۆژی گەل وتی:ئێستا خەریکم شانۆیک بە ناوی ئیمپراتۆرپێشکەش دەکەم کە دەقەکەی لەلایەن خۆمەوە دەستکاری کراوەو پێداچومەتەوە،هەروەها لەلایەن بەرێوەبەرایەتی هونەرو شانۆی وەزارەتی رۆشنبێری رەزامەندی بۆ دەر کراوە وبەم نزیکانەش دەورەکان دەست پێدەکات .ئەم شانۆیە لە نوسینی فەرحان بولبولە وکاری میکیاژو دەرهێنانەکەی خۆم لەئەستۆم گرتووە، هەروەها ئەم درامایە باس لە کێشەی کۆمەلایەتی خۆمان و رۆژهەڵاتیەکان دەکات.




**ناسیاوێک** تەلەفۆنی بۆ کردم و گلەیی لێکردم کە نەخۆش بووەو من نەچوومەتە لای، ئەو ناسیاوەم دەگوت: من بۆ نەخۆشی چوومە ئێران، ژنی بەرپرسێک لە فرۆکە لەگەڵمان بوو، تەنیا بۆ جوانکاری دوو دەفتەر دۆلاری هێنابوو، بریاربوو بەیەک دەفتەر دۆلار مەمکی قیت بکەنەوە!!

**دەنگۆی** خانەنشینکردنی ئەو کەسانە لە ئارادایە کە بە گۆترە ئەستێرەیان لەسەر شانیان داندراوە. سەبارەت بەو مەسەلەیە بەرپرسێک دەیگوت : جاران لە هەموو کوردستان یەک لیوا زیاترمان نەبوو، ئێستا خوا نەیبرێ گەرەک نیە چەند لیوایەکی تێدا نەبێ، ئەگەر خانەنشین نەکرێن هەموو کۆڵانێک چەند دانە ئەستێرە لەشانێکی لێ پەیدا دەبێ.

**یەکێک** دەگوت: لە بەرێوەبەرایەتێک زیاتر لە دەیان دەفتەردۆلار دیار نەماوە، کەسیش خۆی بە تۆمەتبار نازانێ، لەوانەیە بەو هۆیەوە بەرێوەبەر لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێ!

**دەڵێن** حکومەت و وەزارەتی دارایی لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو سێنتەرو ناوەندانە دەکەن کە بە وەهم دروست کراون و بودجەی بەردەوامیان هەبووە. دەڵێن هی وا هەیە ٨ ساڵە هیچ چالاکی نیەو شوێنی کارکردنیشی دیار نیە،کەچی مانگانەی خۆی وەردەگرێ!

**وەزیرێک** دەیگوت: بەنداوی بێخمە دروست دەکرێتەوە و قازانجێکی زۆریش بە ناوچەکە دەگەیەنێ، تازە بەرپرسێکیش گوتبووی: وەڵڵا کاتی خۆی دەستمان لە چەلاوەکەیشی گیر نەبوو! ئەگەر ئەمجارە راپەرین دووبارە بێتەوە ، من دەست بەسەر بەنداوی بێخمە داددەگرم ودهیفرۆشم و پێی دەوڵەمەندتر دەبم، لەوانەیە پۆستی گەورەتریش وەربگرم!!

**بازرگانێکی** بەریتانی لە بەرنامەی نەوت بە خۆراکی عێراق گەندەڵی کردووە، دەستگیرکراوە، بەڵام دەیان وەزیر و بەرپرسی عێراق گەندەڵیەکانیان ساغ بۆتەوەو وەک بەرزەکی بانان دەسورێنەوە

# ژووانگە

## کولفەت و خزمەتکار!

لە هەفتەی رابردوودا کابرایێکی میسری لە رقی سعودیەکان کە بەردەوام بەدوای خزمەتکاری میسریدا دەگەرێن و مەرج و شەرتیان بۆ دادەنێن، ئەویش لە رێگەی رۆژنامەیەکەوە بەدوای خزمەتکارێکی سعودیدا گەرابوو! ئەو ئاگادارییە هەراو هۆریایێکی زۆری لەنێو سعودیەدا دروست کرد، بەرپرسانی سعودی تووڕەکرد، نارەزایی خۆیان لە بەرانبەر رۆژنامەکە و کابرای میسری دەبرِی و بە سوکایەتی پێکردنی خەڵکی سعودیەیان لێکدایەوە، بەوهۆیەوە گرفت و ناکۆکی لەنێوان میسرو سعودیە سەری هەڵدا.

بەگوێرەی ئامارە فەرمیەکان زیاتر لە یەک ملیۆن ژن و کچی میسری وەک خزمەتکار لە سعودیە کار دەکەن، بەڵام رازی نابن تەنیا یەک ژنی سعودیە وەک خزمەتکار لە میسر کاربکات!!

کێشەی کولفەت و خزمەتکار بەو دیاردە ریزپەرە دەمانترسێنێ کە ئەمرۆ زۆرێک لە بەرپرسانی کوردستان برەوی پێدەدەن، ژن و کچانی خزمەتکار لە وڵاتانی ئەسوپیاو ئەندەنوسیاو بەنگلادیش و پاکستان و فلیپین دێنن و لە ماڵەکانیاندا کاریان پێدەکەن. سەرچاوەکانی هەواڵ باس لە ستەم و مەینەتیەکانی ئەو ژنانە دەکەن کە لەلایەن دەوڵەمەند و بەرپرسە کوردەکان یان ژنەکانیانەوە دەچەوسێندرێنەوە! راستیەکەی شتێکی قێزەوەن و نامرۆڤانەیە کە تێکۆشەرانی دوێنێی رێگەی سەربەستی و یەکسانی، ئەمرۆ خزمەتکارو کولفەت لە وڵاتانی دیکەوە بهێنن و لە ماڵەکانی خۆیاندا بیانچەوسێننەوە!!

خەریکە سەردەمی کۆیلایەتی لە باشووری کوردستاندا لەسەر دەستی بەرپرساندا زیندوو بکرێتەوە. ئەو بەرپرسانەی کە دوێنێ ئامادەبوون بە نانە رەقە، بە جلی کۆنەو بە پێڵاوی دراو خەبات بکەن، کەچی ئەمرۆ دەستیان لە سامان گیر بووەو بە عەقڵیەتی سەرمایەداریی رەفتار دەکەن، کچانی وڵاتە هەژارەکان بە کولفەت و خزمەتکار دەگرن و ناچاریان دەکەن کە پێڵاویان بۆ بسرِننەوەو لە پێیان بکەن!

ئەوانەی پۆز لەسەر میللەت لێدەدەن و شانازی بە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازنەیان دەکەن، کەچی هەوڵ دەدەن رەورەوەی مێژوو بۆ دواوە بگێرنەوە، لە کوردستانی لانکەی ئازادیخوازاندا کۆیلایەتی زیندوو بکەنەوە.

گاندی نەمر دەیفەرموو: ئەوانەی راستوێژانە لە پێناو سەربەستی نەتەوەکانیان خەباتیان کردبێ، هەرگیز نابێ بیر لە چەوسانەوەی کەسانی دیکە بکەنەوە. سەیربکەن! دوێنێ رژێمی بەعس کچ و ژنی کوردستانی وەک دیاری پێشکەش بە بەرپرسانی وڵاتانی عەرەبی دەکرد و ئێمەش دژ بە و ستەمە رادەوەستاین، کەچی ئەمرۆ خۆمان بە دوای ژن و کچانی نەتەوەکانی دیکەدا دەگەرێین و لەژێر ناوی کولفەت و خزمەتکاردا دەیانچەوسێنینەوە.

باشە ئەگەر بەیانی دەوڵەمەندێکی ئەسیوپی لە رۆژنامەیەکدا بە دوای خزمەتکارێکی کورددا بگەرێ ئەو بەرپرسانە چۆن وەڵامی دەدەنەوە؟! تۆ بڵێی لەو وڵاتە پان و بەرینەدا دەوڵەمەندێکی نیشتمانپەروەر نەبێ و بیر لە تۆڵەکردنەوە نەکاتەوە؟!

پارساڵ رۆژنامەی"**عکاظ**"ی سعودی بڵاوی کردبۆوە کە ژنێکی فلیپینی لەلایەن ئەربابەکەیەوە لە سعودیە دەستدرێژی سێکسی لێکراوە، ئەویش لە رقانا ئەندامی نێرینەی کابرای سعودی برِیوە، باشە ئەو برادەرانە لەوە ناترسن کولفەتێک لێیان راست بێتەوەو ئەندامی نێرینەیان ببرِێ؟!

**باوکی فلاد**


ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497
ناونیشان: سلێمانی، گەرەکی مشیراوا (رزگاری) نزیک گۆرەپانی هونەر، نووسینگەی رۆژی گەل، ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦



پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com